

# سمایل بەگی ڕواندزی

شاپور ڕواندزی

نووسین لەسـەر سمایل بەگ کەسـایەتی بەتەمەن بچووك، بەڵام بەکـردار گەورە، زۆر لەوە زیاتر هەڵئەگـرێ کەبەچەند لاپەڕەیەك یان ناميلکەیـەك تەواوبکرێت.لەم دواییـەدا دوو بابەتم لە گۆڤاری کوێسـتان خوێنـدەوە کەلەسـەر ئـەم کەڵەپیـاوە هەڵکەوتـووە نووسـرابوون، بەڵام بەچڕوپڕی ئاماژەیان بەهەڵکەوتوویی‌و زانایی سمایل بەگ نەدابوو، بگرە دیاریان نەکردبوو سمایل بەگ کێیەو چی کردووەو لەچ بنەماڵەیەکە.

سمایل بەگ کوڕی سـەعید بەگ کوڕی عەولا پاشـای ڕواندزە کە بەرەچەڵـەك بـۆ بنەماڵەی پاشـای گەورەی ڕواندز میری سـۆران ئەگەڕێنـەوە، ئـەم بنەماڵەیـە زۆر بەڕێزو گەورەن، شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی کەناسـراوە بـە شـاعیری هەجـو زوبانی خـۆی لەکەس نەپاراسـتووەو کەس نەمـاوە جنێـوی پێنەدابێـت، هۆنراوەیەکی تایبەتـی لە ستایشـی ئـەم بنەماڵەیەو عەبـدولا پاشـای ڕەواندز هۆنیوەتەوە کە تێیدا دەڵێ:

**باوکی کوڕی پاشای ڕەواندز**
**دایکی کچی پاشای بەبان**
**شێخ ڕەزا هەجوش بکات ئیعتباری بۆ نیە**
**چاك خراپ نابێ بەشیعری شاعیرێکی قەلتە پان**

بەڵـێ سمایل بەگ بـەو تەمەنە کەمەی خۆی لەو سـەردەمە کە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بووە، پیاوێکی ڕۆشنبیرو زمانزان بووە، درکی بە ئازارو ناخۆشـی‌و هەقخـوراوی گەلی کورد کـردووە، لەم لایەنەش دۆسـت‌و دوژمن شـاهێدی بۆ دەدەن. لەسـەرەتای سەدەی بیسـتەم کەم کەس خوێندەوار بووە، مەگـەر پیاوانی ئایینی، جگە لەمەش ئەو سەردەمە درککردن بە ماڧی نەتەوایەتی زۆرکەم بووە.

سمایـل بـەگ، جگـە لەگەورەیـی‌و ڕێـزداری بنەماڵەکەیـان لە دامەزراندنی حکومەتی عیراقـەوە تا دوارۆژی ژیانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانـی عیراق (مجلس النواب) نوێنەر(نائیـب) بووە، لە هەموو هەڵبژاردنـەکان‌و خولەکانـی پەرلەمانـی عیراق بەشـداربووە، لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلەکەی دریخی نەکردووە.

مێژوونووسـی بەناوبانگی عیراقی (عبدالرزاق الحسنی) لە زنجیرە پەرتووکـە بەناوبانگەکـەی (مێژووی وەزارەتەکانـی عیراق) کە لە دە بـەش پێکهاتـووە، زۆرجار ئاماژە بـە داکۆکیکردنی سمایل بەگ لەسـەر کورد ئەکات، لەوانە لە لاپەرە سەدی بەشی دووەمی مێژووی وەزارەتەکانـی عـیراق، ئەڵێ: نوێنەری هەولێر ئیسـماعیل ڕواندزی کـوردی لە ڕۆژنامەی ئەوقاتی بەغدایی ئینگلیزی ئەم نووسـراوەی لـە ڕۆژی١٢ تشـرینی دووەمی١٩٢٧ بڵاوکردۆتـەوە: تکایە لە پێناوی دەرخستنی ڕاستی ئەم چەند دێرە بڵاوبکەنەوە، تا کۆمەڵانی خەڵك لەو فەرمانەی ئەیانەوێ بەسـەر کوردی بسەپێنن لەبابەت (التجنید الاجباری) بەزۆر بەسـەربازیکردن، کە هەندێکـەس واتێئەگەن، کە تەنها برا شـیعەکان دژی ئەم یاسایەن، من زۆر غەمناکم بۆ بێئاگایی هەندێ کەس لە ڕاستیەکی هەنووکەیی کە تا ئێستا درکی پێناکەن ، ئەویش کە کورد دژی ئەم یاسایەن.

بەڵـێ با بزانن ئێمەی کورد لەگەڵ بـرا جەعفەریەکان یەکراین‌و تەواوی ڕێککەوتنمان هەیە کە یاسای (بەزۆر بەسەربازکردن) لەگەڵ هەلومەرجی ئێسـتای سیاسـی ناگونجێ‌و ئێمـە بیروڕامان وایە ئەو یاسـایە سـوودی نیە، بەڵکو لەم هەل‌ومەرجە زیانی زۆرەو ئەبێتە بۆمبێکـی گەورە بۆ وڵاتەکەمان، لەبەرئەمە داوا لە حکومەتەکەمان ئەکەین، بەتایبەت لەم کاتەی ئێستا واز لەم بیرۆکەیە بێنن.

هەمـان سـەرچاوە ئەڵێ: لـە ڕۆژی دووەمیش نوێنـەری کوردی ڕواندزی لە بڵاوکراوەکە دوپاتیکردەوە کە ئەمە تەنها ڕای خۆی نیە، بەڵکو ڕای سەرتاپای گەلی کوردە.

سـەرچاوەکە واتە مێژووی وەزارەتەکانی عیراق لەبەشـی سێیەم لاپەڕە(٦٥)کە لەخوارەوە دەقی وەرگێڕانەکەیەتی ئەڵێ:) لە شـوباتی سـاڵی( ١٩٣٠)هەندێ نوێنەری کورد نووسـراویان ئاراستەی (المعتمد السامی) نوێنەری پایەبەرزی ئینگلیز کردو لە مانگی مارت ئازاریش هەمـان نوێنەران نووسـراوێکی تریـان بەرزکـردەوە، ئەمجارە بۆ سـەرۆك وەزیرانی عیراق کە داوایانکرد، مافی کوردان کە پێیاندراوە جێبەجێبکرێت. لەبەرئەوەی ئەم سکاڵایە زۆر گرنگە پێمان باشبوو وەك خۆی بڵاویبکەینەوە(ئەمە ڕای مێژوونووس عبدالرزاق الحسنی یە):

زۆر بەڕێز سەرۆکی وەزیران:

لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم)کە بە چارەسەرکردنی کێشـەی موسـڵ هەڵسـاوە، لە ڕاپۆرتەکـەی داوایکرد کـە هەندێ تایبەتمەنـدی بدرێتـە گەلی کورد کـە سـەربەخۆیی تەواویان لە بەڕێوەبردنی کارو بەرژەوەندییەکانیان هەبێ.

کەچی ئەم تایبەتمەندیانە، جگەلەوەی تەنها لە ناوچەی سلێمانی‌و هەولـێر گوایـا جێبەجێکرا، کەچی ئـەم ڕێگایانـەی هەڵبژێردران بۆجێبەجێکردنیان هیچ سـوودێکی بەکـورد نەگەیاند، نە لەڕووی زانسـتی یان ئابووری یان بەڕێوەبردن(اداری)کە پێشـکەوتنی نوێ ئەیەوێت. ئەزانین حکومەتی ناوەند لە کاتی ئێسـتا زۆر ئاستەنگی لـە جێبەجێکردنی ئـەم بڕیارانـەی (عصبە) لە پێشـن، هەروەها کوردیش هیچ سـوودی لێنەدیوە. بۆیە پێویستە ئەم تایبەتمەندیانە



فراوانتربکرێن کە بە پێی ویستو مافی کوردەکان بگونجێن، لەهەمانکاتیش بە جێبەجێکردنی ئەم داوایانە، بارێکی گران لەسەر ئەستۆی حکومەت کەمدەبێتەوە.

لەکانگای دڵمانەوە داواکارین لێتان کە چاو بەو داواکاریانەی خوارەوە بخشێنو بەهەندی وەربگرنو هەوڵی پێویست بدرێت بە زووترین کات جێبەجێبکرێن.

١ - خۆتان ئەزانن موسڵ بەو شێوەیەی ئێستای، لە ٢٤ناحیەو نۆ قەزا کە شێخانو ئاکرێو زێبارو ئامێدیو زاخۆو دهۆكو تەلەعفەرو سنجارو قەزای موسڵن پێکهاتووە.

چی نوێمان نەگووتووە، ئەگەر بڵێین زۆربەی هۆزەکانو خەڵکی ئەم قەزایانە کوردن، لەزمانو کولتوورو مێژوو ژیان، نەخشەی لێژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکانمان لەلایە کە بە پێی رەگەزو نەتەوەکان نەخشەکێشراون، کەزۆر بەروونی دیاریکراوە، جگەلەوەش زۆر ئاستەمە بۆ پارێزگای موسڵ سەردانو چاودێری ئەم ناوچە فراوانانە بکات، لە باروگوزەرانی دانیشتووانی ئاگاداربێت، خەڵکی ناوچەکەش بۆیان ناکرێ بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان لەبەر دووری ناوچەکانیان هاتووچۆی موسڵ بکەن. جگەلەوەش لە کوردی بەدەر زمانێکیتر نازاننو باری داراییشیان زۆر خراپە. بۆیە داوادەکەین پارێزگایەکیتر جیابکرێتەوە لە قەزا کوردنیشینەکان کە سەنتەرەکەی دهۆك بێت، زمانی کوردیش بکرێتە فەرمی لەم پارێزگایەدا.

٢ - لای بەرێزتان شاراوە نیە کە زانین لە ژیانی گەلاندا، ژیانو بەختەوەریو ئایندەیە، پێچەوانەکەشی حوکمی مردن و ژێردەستەیی لەسەرگەل ئەدرێ، ئەگەر چاوێکی دادپەروەرانە بە پەروەردە لە پارێزگا کوردیەکان بخشێنین، لەچاو پارێزگاکانی تر بەروونی و ئاشکرا ئەبینین کە پەروەردە لە ناوچە کوردیەکان زۆر دواکەتووەو جێگای بەزەیی پێهاتنەوەیە، ئەم دواکەوتنەش بە باوەری ئێمە هۆی ئەوەیە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لەبەغدا نیە، کە بایەخ بە تەواوکردنو دابینکردنی هۆیەکانی پێویست بدات بۆ بەرزکردنەوەی پەروەردەو زانست لەم ناوچانەدا، هۆی تریش هەن کە پەروەردەی لە ناوچە کوردیەکان دواخستووە، ئەویش ئەو رێژە کەمەی بودجەی تەرخانکراوە بۆ پەروەردەی ناوچە کوردیەکان، لەگەڵ بایەخنەدان بە دانانو گۆرینی پەرتوکی پێویست، لەبەر ئەم هۆیانە داوادەکەین بەرێوەبەرایەتیەکی گشتی پەروەردەی تایبەت بە ناوچە کوردیەکان دابمەزرێت، کە بەرێوەبەرەکەی کورد بێتو لە مەڵبەندی یەکێك لە پارێزگا کوردیەکان دابنیشێت.

٣ - بەرێوەبردنی هەر چوار پارێزگا کوردیەکە یەکبخرێن واتە سلێمانیو کەرکوكو هەولێرو دهۆك، پشکنەرایەتیەکی گشتی دابمەزرێت، کە لێپرسراوەکەی کوردێك بێت، کە ناسراوبێو بەتوانابێ لەم بارانە تاسەرپەرشتی ئیشوکاری هەرچوار پارێزگا بکاتو سەر بەم پشکنەرایەتبنو دەسەڵاتێکی تەواوی بدرێتێ. حەلقەی پەیوەندی بێت بە پایتەختو نوێنەری هەموو وەزارەتەکان بێت لەپارێزگا کوردییەکانو ئەنجومەنێکی راوێژکاری هەبێت، بۆ یارمەتیدانی لەکارەکانی بەرێوەبردنو داراییو ئابووریو دادو تا دوایی..

٤ - داوا ئەکەین یاسای زەوی، کە زەویەکان بەپێی بریارەکە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە تۆمار بکرێن، بۆ ماوەی دوو ساڵ بەلانی کەم بە بێبەرامبەر بۆ ئاسانکردنی بەرژەوەندی خەڵکیو هاندەربێت بۆ ئەوەی زەویەکانمان و موڵکەکانیان تۆماربکەن.

٥ - دابەشکردنی بودجەی گشتی لە شانشینی عیراق بەم رێژەیە بێت: لە بودجە گشتیەکە مەسروفاتی سیادی ناوەند دەربکرێتو ئەوەی ئەمێنێتەوە بە پێی ژمارەی دانیشتووانو رێژەی دانیشتوانو رێژەی داهات کە حکومەت لەو ناوچانە وەریدەگرێت دابەشبکرێت، رەچاوی ئەوەشبکرێت داهاتی گومرگی گشتیش بخرێتە سەر بودجە گشتیەکە.



جەنابی سەرۆك وەزیران لەگەڵ باوەڕیمان بە نیازپاکی حکومەتەکەمان، هیچ بەربەستێك نیە کە ئەوەپەڕی ڕێز پێشکەش بە ئێوەی پایە بڵیند کە سەرۆکی حکومەتن بکەین، داوا دەکەین داواکانمان بهێننەدی تا گەلی کورد بتوانێ داهاتو زەویەکانیان بەرهەمبێنن، کشتوکاڵەکەیان پێشبکەوێت، ڕێگاکان چاکبکرێن، پەروەردەو زانست هەمووناوچە کوردیەکان بگرێتەوەو چاکتر بکرێت، ئێمە بەبڕوای خۆمان هیچی وامان داوانەکردوە نەتواندرێ جێبەجێبکرێت. یان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی دارایی یان سیاسی ئەو پەڕی ڕێز بۆ ئێوەی پایە بەرز.

نوێنەری هەولێر: ئیسماعیل ڕواندزی، نوێنەری موسڵ: حازم شمدین ئاغا، نوێنەری ئەربیل: جەمال بابان، نوێنەری سلێمانی سەیفوڵا خەندان، نوێنەری سلێمانی: مەحەمەد ساڵح، نوێنەری کەرکوك:مەحەمەدجاف.

دواجار ئەمەوێ لەسەر نووسینەکەی بەڕێز ئازاد جندیانی کەلەسەر سمایل بەگ نووسیوویەتی هەڵوەستەیەك بکەم کە ئاماژەی بەوەکردووە، کە کەسایەتییەکی سیاسی وەك سمایل بەگ بووە هەوێنی ئەوەی کە ڕواندز دوای ئەویش کۆمەڵێك تێکۆشەری سیاسی پێگەیاندووە کە لە پێشیانەوە باسی باوکی ئەکات لەگەڵ چەند کەسێکی تری ڕواندز کە بەڕاستی لاری لەوەدا نیە، کە هەموویان تێکۆشەر بوونو شایانی ئەوەبوون باسبکرێن، بەڵام نازانم کاك ئازاد بۆ لەبیریچووە باس لە هەندێ کەسایەتی تریش وەك: مامۆستا برایم ئاغای حوسێن ئاغاو مەحەمەد عەلی حوسێن ئاغا بکات، کە یەکەمیان یەکەم مامۆستابووە کە لە ڕواندز بووبێتە مامۆستا و ژیانو مووچەی خۆی بکاتە قوربانی گەلەکەی، کە بووە هۆی دەرکردنی لەکارەکەیو بەندینخانەو دوورخستنەوە لەزۆربەی گرتووخانە ناودارەکانی عیراق بەنوگرە سەلمانو دیوانیەشەوە. مادام باس لەسەر سمایل بەگ بوو، محەمەد عەلی حوسێن ئاغاو سلێمان دەرگەڵەیی لەکەسە هەرە نزیکەکانی سمایل بەگ بوون، بەڵگەشم ئەوەیە پاش کوژرانی سمایل بەگ ئەدمۆنسی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عیراق کە ئینگلیز بووە، داوای لە مەحەمەد عەلی حوسێن کردبوو خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەرئەوەی ئەیزانی لەکەسە هەرە نزیکەکانی سمایل بەگەو زۆرجار لەگەڵ ئەوی دیوەو ناسیوویەتی، جگە لەوەش گەنجێکی هۆشیارو خوێندەوارو بەئاگا بووە. بەڵێ ئەدمونس هەموو کار ئاسانیەکی بۆ کردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە دابو نەریتی ئینگلیزەکان وابووە، کاتێ ژنەکانیان منداڵیان ئەبێت بۆ بەریتانیا بگەڕێنەوە، ئەدموندس سێ چوار مانگێك لە عێراق دووردەکەوێتەوەو کاربەدەستە شۆڤێنیەکانی عەرەب لێناگەڕێن مەحەمەد عەلی مینە ئاغا بەردەوام بێت لەخۆپاڵاوتن هەر چەند هەنگاوی باشیشی بڕیبوو، وەك نووسین لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمو پڕوپاگەندەکردن. مەحەمەد عەلی حوسێن ئاغا لەهەموو کۆمەڵەو حزبە کوردیەکان وەك خۆییبوونو ژ.ك و هیواو پارتی دیموکراتی کوردستان کاریکردووە، بەم هۆیەش چەندجار گیراوەو دەربەدەر کراوەو ئەشکەنجە دراوە، بەڵام گەر لەسەر ئەم دووکەسایەتیەش گلەیی لەکاك ئازاد نەکەین کە فەرامۆشی کردوون، چونکە ئەو کاری زۆرەو سەرقاڵەو ناکرێ ناوی هەموو کەسی بێتەوە یاد، بەڵام بۆ لەبیرچوونی نزیکترین کەسو زاوای خۆی خوالێخۆشبوو لەتیف نادر ڕواندوزی کەمێردی خوشکی کاك ئازادەو دروستکەری یەکەم شانەی کوردایەتی بوو لە ڕواندزو هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی تەرخانکردو بەندینخانەو دوورخستنەوەو ڕاوەدوونان نەما کە دووچاری نەبێتەوەو هەموو خەڵکی ڕواندزیش لەبوێریو کوردایەتی ئەم کەڵە پیاوە ئاگاداران کە لەتیف نادر لەو کۆمەڵە تێکۆشەرە سیاسیانە کەپاش سمایل بەگ پێگەیشتوونو لەسەر هەمان ڕێباز تێکۆشاون.

سەرچاوە:

١ –مێژووی وەزارەتەکانی عیراق دەبەش، تاریخ الوزرات العراقیة(١٠) اجزاْ. لمْولفه عبدالرزاق الحسنی.

٢ –یادەوەریەکانی باوکم محەمەد عەلی حاجی حوسێن ئاغا.

ڕوونکردنەوەیەك:

مامۆستا شاپوور، نووسەری ئەم وتارە گلەیی لەنووسەری گۆشەیەکی گۆڤارەکەمان کردووە بەوەی کە لەبابەتێکیدا لەسەر سمایل بەگ لەژمارە (٦)ی گۆڤاری کوێستاندا ناوی چەند کەسایەتییێکی ڕواندزی لەبیر کردووە.. دیارە نووسەری گۆشەکەمان لێکۆڵینەوەی مێژووی لەسەر ناودارانی ڕواندز نەکردووە، تەنها کورتە باسێکی لەبارەی سمایل بەگەوە نووسیوە کە بێگومان کارگەریی هەبووو نووسینی دیکەشی بەدوای خۆیدا هێنا، ئێمە دڵنیاین ئەگەر ئاماژە بەهەموو کەسایەتییەکانی شاری ڕواندز بدرێ نەك گۆشەیەك بەڵکو سەدان لاپەڕەی دەوێ.